وەزارەتـــی نـــــاوخـــۆ
ئـــیدارەی گـــــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٤٣٥٧
ڕێکەوت : ٦ /١٢/ ٢٠٢٢

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.٥٠- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی

## (نۆژەنکردنەوەی بەشێک لەهێڵی (١١ کەی ڤی ) دێهاتەکانی ناحیەی قۆرەتوو)

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامــــادەکراوە لە لایەن ( ب. دابەشــــکردنی کارەبـــای خــــانەقین ) , لەســــەر بـــودجەی پەرەپێــــدانی پارێزگاکـــان/ئیـــدارەی گەرمیـــان بـــۆ ســـاڵی (٢٠٢٢) جێبەجـــێ دەکرێـــت, هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســــەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی تەنـــدەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (١٢٠) سەد و بیست ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی (چـوار شـەممە ٧ / ١٢ /٢٠٢٢)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە ٢٢ / ١٢ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ )ی سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ١٠٠,٠٠٠ ) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شەممە ٢٧ / ١٢ / ٢٠٢٢) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:١٥)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بـۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشتی کارەبـای گەرمیان بکەن .

- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٨) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ ١٢ / ٢٠٢٢**